لە سوریا،گ سێ ئەندامی هێزەکانی حکومەت و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران کوژران

لە دوو هێرشی جیاوازدا، لە گوندەواری سنووری دێرەزوور و حومس لە سوریا، سێ ئەندامی هێزەکانی حکومەت و میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێران کوژران و ژمارەیەکی دیکەشیان بریندار بوون.

سەرچاوەیەکی سەربازی لە هێزەکانی حکومەت لە شارۆچکەی سوخنە لە ڕۆژهەڵاتی حومس ڕایگەیاند، دوو چەکداری نەناسراو ئەندامانی حکومەتیان لە بازاڕی شارۆچکە کردووەتە ئامانج.

ناوبراو بە ئاژانسی نێرس پرێسی ڕاگەیاند، هێرشەکە بووەتە هۆی کوژرانی دوو ئەندامی هێزەکانی حکومەت، هاوکات دوو هێرشبەرەکە توانیویانە هەڵبێن.